

# کەیسێک لەشێوەی درامس

ئەوانەی خولیای میوزیکن، بەتایبەتی میوزیکژەنەکان دەخوازن تەواوی کەرەستەکانیان رەنگدانەوەی خولیاکەیان بێت، کۆمپیوتەریش لەمیانەی ئەو کەرەستانەیە. کۆمپانیای Roland ی ئیتاڵی کەتایبەتە بەدروست کردنی ئامێرە میوزیکییەکان دیزاینی کۆمپیوتەرێکی لەشێوەی درامس بەرهەمهێنا تاوەکو سەرنجی میوزیکژەنەکان رابکێشێت.

ئەم کەیسە بریتییە لە i3 cpu 2.4، رامی GB D4 4، و هاردی 1Trabit و، ئەندازی دەنگی جۆری کرایتیڤەو، 1.5 دیجیتاڵە، سیدی رایترەکەی جۆری ماسترەینگە کە دەتوانێت 96 کیلۆ بایت تۆماربکات، جۆری کیبۆردەکەی وەك دیجەی بەکاردێت کە لەگەڵ muto بەستراوە بۆیە لە یەکەم ڤێرژنیدا تیپە میوزیکییەکان و ستۆدیۆیەکانی دەنگ بەجۆشەوە کۆمپیوتەرەکەیان کڕیوە.

# نۆکیاو گۆگڵ هاندمۆبایلێکی نویَ بەرهەم دەهێنن







بەهەماهەنگی کۆمپانیای نۆکیا و ماڵپەری گۆگل لەداهێنانێکی تازەدا جۆرەمۆبایلێك دروستکرا بەناوی نۆکیا گۆگل فۆن کە کێبرکێی هاندی ئایفۆن دەکات و، شێوەیەکی زۆر جوان وسەرنج راکێشی هەیە و، تایبەتمەندیەکانی ئەم هاندە بەم جۆرەیە کە دوو سم کارت دەگرێتە خۆی وە کامیرایەکەی 10میگا پێکسلە وە ئەندازەی دەنگی گوێ بیست 1.5 ە کە دەنگەیەکی سریدیە وە میمۆری 24 گێگایە وە هەموو بەنامەکانی ماڵپەری گۆگل لەخۆدەگیرێت وە توانای 72 کات ژمێر کاربکات لەداوی بارگاوی کردنی پاتریەکەی وە دووجۆر کیبۆرد لەخۆدەگرێت یەکێکیان بەهۆی شاشە بچووکەکەیەوە وەئەوەی تریات بەهۆی دوگمەکانیەوە وەئێستا ئەو هادە لەژێر تاقی کرنەوەدایە بۆمەبەستی سەرکەوتنی ئەو هاندەیە لەبازاری جیهاندا

# ئەنتڵ دووای i7 پرۆسێسەرێکی نویَ بەرهەم دەهێنیَ

لەدوای دروست کردنی پرۆسێسەری I7 کۆمپانیای ئەنتڵی ئەمەریکی پرۆسێسەرێکی نوێی بەرهەمهێنا کە خێراییەکەی چوار ئەوەندەی I7 دەبێت.پرۆسێسەرەکە ناوی G6960 و، بەمنزیکانە دەکەوێتە بازارەکانی جیهانەوە.

کاشی پرۆسێسەرەکە 32 میگایە بەپەخشی 2600 هێتز و، دوو پینە و، لۆتی LGA2 کاردەکات و، ئەم پرۆسێسەرە لەگەڵ




رامی DD4 بە مەزەر بۆردی DU4 کاردەکات. لە تایبەتمەندییەکانی کاری ئەم پرۆسێسەرە، لەکاتی ئەنجام نەدانی هیچ فەرمانێك 2 میگا کاردەکات و، لەکاتی ئەنجامدانی کاری گران ئەوا هەر 32 میگا کار دەکات، خێرایەکەی 9000 زیاتر بۆ کاری ئەنیمەیشن و 3D ماکس و، ئۆتۆ کات دەگونجێ .

# مای سپێس هەر لە دابەزیندایە
# لەمانگێکدا 10 ملیۆن بەکارهێنەر لەدەست دەدات

ماڵپەڕی کۆمەڵایەتی مای سپێس، ئەگەرچی زۆر لەپێش فێســـبووك و تویتەرەوە دامەزراوە، بـــەڵام بەپێچەوانەی ئەوان رۆژبەرۆژ لە دابەزیندایەوە، متمانەی بەشـــداربوانی لەدەست دەدات.

بەپێی دوا ئامارەکان کە کۆمپانیای کۆم ســـکور ئامادەی کردووە، ماڵپەڕی مای سپێس لەماوەی یەك مانگدا زیاتر لە 10 ملیۆن بەکارهێنەر لەدەست دەدات و، بەمەش لەکۆی ئەو 73 ملیۆن بەکارهێنەرەی هەیبوو کەم بۆیەوە بۆ 63 ملیۆن، ئەمەش جاری یەکەم نییە ئـــاوا دەکەوێتە دارمان، هەر بۆیە لەماوەی پێشوودا دەستبەرداری 500 لەکارمەندەکانی بوو.




# بەهۆی پاسوێردێکەوە کۆمپیتەرەکەت بپارێزە هاک و فورمات کردن

ئەوەی کار لەســـەر کۆمپیوتـــەر دەکات زۆر حەز بـــەوە دەکات کە داتاکانـــی لێ بزر نەبێت و نەدزرێت جا ئەو ونبونە چ بەهۆی فۆرمات بێ یان بەهۆی هاك کردن لەرێگەی ئەنتەرنێتەوە بێت.

چەندین جۆرە دانانی پاســـۆرد هەیە کـــە تەنها خاوەنەکەی دەزانێت بەکاری بهێنێت، بەڵام ئێستا زۆر جۆرە پرۆگرام هەیە کە زۆر بەئاسانی دەتوانێت پاسۆردەکە لاببات کە ئەمە دەبێتە هۆی دڵگرانی خاوەنەکەی تەنات لەکاتی دزینیشدا و، هاککردن زۆر لەو کەسانەی کە داتاکانیان لێ وون دەبێ بەهۆی فۆرمات کردنەوە یان لەرێی شـــەبەکاتی کۆمپیتەرەوە دەبێ کەدەتوانن زۆر بەئاسانی بێنە ناو کۆمپیوتەرەکە و، زۆر پرۆگرامیش هەیە کە نایەڵێت ئەم کارە روبدات، بەلام بەشێوەیەکی کاتیە و، زۆر لەو ئەنتی ڤایرۆسانە کە ئۆرجینالَن کۆپی کراوەك لە داتاکانی کۆمپیترەکە دەدات بە ســـێرڤەری ئەنتی ڤایرۆسەکە کە ئەمە دەبێتە هۆی چەتەیی، وەزۆر جار هەست دەکەین کـــە فایلەکمـــان دیارنییـــە تری ئەوەمان دەبێت کە کۆمپیترەکەمـــان هاك کرابێت، بۆیە لەمەو لا ئەم فەرمانە بەکار بهێنە بۆ ئەوەی لەم مەترسیانە دەربازت بێ وهەموو داتاکانـــت پارێز راوبێ تەنانە کۆمپیتەرەکەت فۆرماتیش نابێ تاوەکو پاسوێردەکە لانەبەیت پاشـــان دەتوانیت کۆمپیتەرەکەت فۆرمات بکەی سەرەتا دەچینە start وە پاشان کلیلی runدەکەینەوە وە لەناو خانە بەتاڵەکە ئەم فەرمانە بنووســـە syskey وە پاشـــان enter بکە و چاوەرێبکە وەپاشـــان کلیك لەسەر yes بکەو وە پاشان کلیك لە Update بکە وە کلیك لەســـەر خانەی password startup بکە وە لەخانەی password ئەو ووشـــە بنووسە کەخۆت دەتەوێ بۆ پاســـوۆرد دابنێیـــت وە لەخانەی Conflirm هەمان پاســـوۆرد دووبارەبەکەوە وە پاشان ریســـتاردی بکە وەبینین تاوەکو پاسوۆردەکەلێ نەدەیت کۆمپیتەرەکـــەت کارناکات وە بۆ لادانی پاســـوۆردەکە ئەگەر بمانەوەی رای بگرین وەیان لای بدەین ئەوا هەمان هەنگاو بەکاردەهێنین بەلام پاســـوۆردەکە دەکە رادەگرین بەکلیك لەســـەر Encryption Disabied بە جۆرە پاسوۆردەکە رادەگیرێت.



ئا/ هاوكار كۆیی

## لاپتۆپێک لەناو ئاو یش کار دەکات

کۆمپانیــــای فۆجیــس ســمس ئەلمانـــی لاپتۆپێکی نوێی بەرهەمهێنـــا کە لەناو کار دەکات، ئـــەم هەوڵەی ئەم کۆمپانیایە دووای ئەو هەموو کێشـــانە دێت کە خەڵکی تووشی دەبن بەهۆی تەڕبوونی لاپتۆپەکەیانەوە.

بەرگی لاپتۆپەکە بەماددەیەکی لاستیکی داپۆشراوە کە رێگر دەبێت لەوەی ئاو بچێتە نـــاو لاپتۆپەکە، ئەم جۆرە لاپتۆپە زیاتر دەریاوانەکان لێی سودمەند دەبن.





## فانێک بەهۆی ئاو کاری ساردکردنەوە دەکات


زۆر لەفانەکانـــی پرۆسێســـەر لەکاتی کارکردنیـــدا گەرم و خاودەبـــێ یان رادەوەســـتێ، کـــە ئەمەش دەێتە هۆی ســـتی کارکردنـــی کۆمپیوتەرەکەت. بۆیە لەداهێنانێکـــی نوێدا فانێك لەماددەی تیتانیۆم دروستکراوە و بەهۆی ئاو کاری ساردکردنەوە ئەنجام دەدات، کەئەمەش وادەکات بە بەردەوامی ســـاردی بداتە پرۆسێســـەرەکە و لەگەڵ هەموو پرۆسێســـەرێك و کۆمپیوتەرێك کاردەکات کـــە بەهۆی بەرنامەیەکـــی تایبەت بەخۆی ئاماژە بە کەمبوونی ئاو و پلەی گەرمی کۆمپیوتەرەکە دەدات.

## چۆنیەتی چاکردنەوەی گرفتەکانی

## MESSNGER WINDOWS LIVE

وینـــدۆز لایف کە یەکێکە لە هۆکارەکانی پەیوەندی، ئەگەرچی لەســـەرەتادا نەیتوانی ململانێی یاهوو ماســـنجەر بکات، بەڵام لەئێســـتادا متمانەی خەڵکی وەرگرتووە، ئەمەش بەهۆی ئەو تایبەتمەندانەی هەیەتی.

لایڤیش وەك هەر شـــتێکی تری ئای تی بێ بەش نییە لە گرفت،وەك کێشـــەی چوونە ژوورەوەی ماسنجەرەکە، نەکردنەوەی روومەکانە، سێند نەبوونی بابەتەکان، نەکردنەوەی مایلەکانـــی نـــاو ماســـنجەرەکە و، تێکچوونی ماســـنجەرەکە، بۆیـــە دەتوانن بەبەکارهێنانی چەند فەرمانێك ماسنجەرەکە لەو گرفتانە دەرباز بکەین.




سەرەتا دەچینە start کلیك دەکەین و، فەرمانی run دەکەینەوە و، services.msc ئینتـــەر دەکەیـــن و، بەبونـــەوەی پەنجەرەی services دەچینە سەر windos live ID sign-in Assistant لەپـــاش کردنەوەی گۆڕینی کلیلی manual بۆ فەرمانی -Automatic و، پاشـــان فرمانـــی start کلیك بکەو و، پاشـــان stop دەبێ و، کۆمپتەرەکەت رێستارد بکەوە وە دووبارە ماسنجەرەکە بکەوە بەم شێوەیە رزگار دەبیت لەهەموو کێشەکانی ویندۆز لایف ماسنجەر.

## ئەمەریکا و بەریتانیا لەمەوپاش ئاسایشی ئینتەرنێت دەپارێزن

دوای ئـــەوەی کۆنگرەی کاردیف کۆتایی هـــات لەنێوان ئەو وڵاتانەی بەشـــداریان بۆ باســـکردن و توێژینەوەی ئاسایشـــی ئینتەرنێت، بەکۆی دەنگ رێککەوتن لەسەر راهێنان و پەیداکردنی ئەزموون بۆ بنبڕکردنی تاوان و چەتەیی و کارە تیرۆریستییەکانی لەسەر ئینتەرنێت.

لەکۆنگرەکـــەدا بەپێویســـتیان زانی کە هـــەردوو بەریتانیا و ئەمەریـــکا، کە دوو وڵاتی زلهێزن لەم بوارەدا لەماوەی ســـاڵانی داهاتـــوو هەزارەها کارمەندی خاوەن ئەزموون بۆ ئەم مەبەســـتە تەرخان بکەن، ئەوان ببنە پۆلیسی نێودەوڵەتی بەسەر ئینتەرنێتی جیهان.

کۆنگرەکە زانکۆی وێڵز رێکی خستبوو، بە سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتـــووەکان بەڕێوەچـــوو و، وەزارەتی بەرگـــری ئەمەریکا و کۆمپانیای مایکرۆســـۆفت و ئای بی ئێم و زانکۆکانی هارفارد و ئۆکسفۆرد و بۆستن گرنگترین بەژداربووان بوون.





## گەڕانەوەی باری ئاسایی شەقامەکانی شار لە یارییەکی نوێدا

یاری تروس یەکێکە لە یارییە نوێەکان، باس لەشـــەڕی سەر شەقام دەکات کە ئاژاوە گێڕەکان شـــارەکەیان داگیر کردوە و، ئاشتی خوازەکان هەوڵدەدەن بەچەندین رێگا باری ئاسایی شەقامەکان بگەڕێننەوە.

ئەم یارییە لەبەرهەم هێنانی کۆمپانیای مایکرۆسفتەو سای 2011 بەرهەم هاتووە کە بۆ پلەیستەیشن 3 و Xbox 350 ئامادەکراوە و، ڤێرژنێکیشی بۆ PC ئامادە کردووە.

یارییەکە ســـەرەتا باس لە وڵاتێك دەکات کە بەهۆی شـــەڕ و ئاژاوە گێڕی چەند شارێکی داگیر کراون و، بەم سەربازیترووس دەچێت بۆ رزگار کردنی شـــارەکان، ســـەرەتا یارییە دوو بەشە، یەکێیان مەشق لەو شوێنەی کە داگیرکراوە و، نەخشەسازی بۆ کراوە و، بەشی دووەم دەست پێ کردن بەیارییەکەیە.

ئـــەم یارییـــە ئەگەر بـــە PC بکرێت پێویســـتە کارت شاشـــەی کۆمپیوتەرەکە 1گێگا کەمتر نەبێ و، رامی 2 گێگا و، پرۆسێسەری cor2 e7500 کەمتر نەبێ. بڕی پێویست لەیارییەکە بۆ هاردەکە 40 گێگایە.



## لەگەڵ گەلانی سەر مانگ بجەنگێ

یەکێـــك لە یارییە نوێیەکانی ســـاڵی 2011 بۆ Xbox یاری هەڵو یە، ئەم یاریە باس لەژیانی ســـەر رووی مانگ و، کێبرکێ ژیان لە سەر هەسارەی زەوی و مانگ دەکات.

یاریەکە زۆر ســـەرنج راکێشـــە، باس لە مانەوەو ململانێی دووبەرەی جیاواز دەکات کە ژمارەیان کەمە و دەســـت بەســـەر ژیانی کەســـانی تر زەوت دەکەن، بـــەڵام لەکۆتایدا کۆمەڵەی هەڵو بەســـەر دەکەوێت و، ژیان دووبارە دەبێتەوە.یاریەکە بەسێ قۆناغ دا تێپەڕ دەبێ، لەهەر قۆناغێدا چەند بازگەیەکی تێدایە کەوا بەهوی نەخشەی یاریدەدەرەوە ئەنجا م دەدرێت.

شایانی باسە کە دەنگ و موسیقا و موئەسیراتی ئەم یاریە لەلایەن بونگی مارتی دۆنێلی ئامادەکراوە، کە ئاوازدانەرێکی بەناوبانگە، دوای دەســـتکاری شـــێوازی دەنگەکان لەیاریەکە بەکار هاتووە .